# بیابانییەکان

**(بۆ ئەنفا لەکان)**



**فەرەیدون سامان**

**لە هەموو لایەك درزی بردووە**
**لە هەموو لایەك ژەنگی هەڵێناوە**
**وێنەی شارە بزربووەکەمی**
**لە توێی چوارچێوە شکاوەکەی هەلگرتووە ,**
**ئاوێنەیەکە**
**چاوەکانت**
**بەم تاوسانە خۆڵاوییە**
**بە تەم داگیراوە**
**سیمای تەڵخ و هەڵپروکاوی نامۆییت**
**تێدا رەنگ ناداتەوە**
**لەسەر شەقامەکانی گەورەبووندا**
**جاویدانیت هەنگاوەکانی لێ بەجێماوە**
**وێنەی جۆگەڵەی بنە دارهەنارێك**
**ماڵاوایی لە سێبەرەکەی خۆی کردووە ،**

**ئاوینەیەکە**
**چاوەکانت**
**بە وێنەی ئاوێنەی ژەنگاوی**
**تەم و مژی ئاسمانی خۆڵاوی**
**شارە بزربووەکەم ،**

**لەم بیابانە**
**کەس نابینی**
**خەون بەو باڵدارا نە ببینێ**
**کە هەمیشە لە سەفەر دان و ئیدی ناگەڕێنەوە**
**یان بەقەد ئەو بارانە بە ڕەحمەت بێ**

**که لانکی خەونەکانی منداڵیت ڕادەژەنێ ،**
**تۆ نابینی**
**که شەپۆلەکانی یادەوەریت سەرهەڵدەگرن**
**هەرگیز ناگەنەوە کەنارە ڕیش سپیەکانی ئاسوودەیی**
**تۆ نابینی ،**
**که گەڵایەك لەسەر لکی پیرەدارێکی کلۆردا**
**له پایزی زەردی ژیاندا هەڵدەوەرێ**
**ئیدی نابێتە چەتری ئەو چۆلەکانەی**
**که تەنیایی دەیانکوژێ ،**
**لەم هەوارە سەرگەردانە**
**لانەیەك نابێ له سەرماو سۆڵەی زستان**
**بیانپارێزێ**
**یان ڕەشماڵێکی کۆچەری ئەم بنار شاخە**
**هەرچی ئاسکە کێوی عاشق هەیە**
**بخاتە نێو ئامێزی ...**
**تۆ نابینی**
**چاوەکانت ،**
**ئاوێنەیەکن شوون هەڵگر**
**بست بە بستی ئەم سەرزەمینە جەنجاڵە دەگەڕێن**
**له هەواڵی کەوەکانی نێو قەفەسی**
**پێدەشتی گەرمیان و**
**ئێسك و پروسکی خۆڵەمێشی**
**منداڵانی ناو تەم دەگەڕێن.**

**زەری لم**
**تۆ کچی کوێستان نەبووی !**
**ئەدی چۆنە لەم وشکەڵانە بەتەنێ ماوی؟**
**وەکو با**
**وەکو باران**
**وەك برووسکە**
**بە گوێی ترۆپکی چیا دوورەکان دەچرپێنی**
**لەم شەوەزەنگە وەحشەتەی چارەنووست**
**بە نهێنی وەکو شەورۆ**
**بەرگی لمت پۆشیوە**
**بە نێو کوچەو کۆڵانی شاری عەشقدا وێڵی***
**له ناسنامەی پاکیزەیی خۆت دەگەڕێی**
**لەو قەڵا سەختەی ژیان**
**که بە مەنجەنیق و زنجیر گەمارۆ دراوە**

چراکان خۆیان دەکوژێننەوە
تۆ تیشکەکان دەکەی بە پەیژە
بەسەر خۆردا سەردەکەوی

بە من ناڵێی
کام چۆم
کام ڕووبار
تۆی گەیاندە ئەم وشکەڵانە
تا لەو خاکە عەرعەریە
لە حەسرەت ئەوینی کوڕە چاومامزەکانی کوێستان
سەرهەڵبگری
گوڵەگەنم ئاسا
مەمکەکانت پڕ شیر بکەی
بۆ شکانی تێنوویەتی فەرەقەتێی بەجێماوی
نێو خەرمانەی دڕك وداڵ ،

بە من ناڵێی
تۆ بەم شەوە درەنگە تا بەرەبەیان
قژی کام داستانی لێکدابڕان دەهۆنیەوە
تۆ نازانی لێرە خۆرەتاو کەی هەڵدێ
چۆن ئاوا دەبێ...
باران لە کوێ دادەکا
کام مێرگ و کانی لە تێنوویەتیدا ووشك دێنێ
کەسیش لە نهێنی مەرگی کەوەکانی کوێستان ناگا
پەڕەسێلکەکانیش نازانن بۆچی دەمرن
چما ماسیەکان
لەسەر ئەو هەموو کەنارە غەریبەی
دەریایحەسرەت
خۆیان دەخنکێنن

لێرە لەم بیابانە
کێ گوێ ڕادەدێرێ بۆ فرمێسکی شەونم
هەناسەی گۆرانیە شینەکانی لم
کێ لەم ئاتەشکەدەیە
تنۆکە فرمێسکێ بۆ حەسرەتەکانی ئاگر
نزای ئەو شمشیرە برینداره دەڕێژێ
کێ دەکارێ
بەنێو لەشکری ڕم و نێزەو خەنجەر

بەنێو مەرزی خێوەتنشینەکان ڕاببورێ
ئاخۆ وێرای ئەو کێلە لمانە
کێ نوێژی جەماعی مردن
لەبەردەم قەڵغانی بەلاّ دابەستێ
لەو خەرەندە بودرە
بە بالاّی تارمایییەکان هەڵزنێ

زەری لم
ئەدی تۆ جاران کچی کوێستان نەبووی
بەلاّم ئێستا کەنیزەیەکی بیابانی
کە ناڵەت بە گوێی چیاکاندا دەچرپێنێ
ئەو چۆم و ڕووبارانە دێنە جۆش و خرۆش
کە گورگی بۆر ئاگر دەگرێ داوێنی
خێوەت دەبێ بە کاشانە
لەسەر تەرمی دڵدارە بەچاڵ کراوەکەت
زەماوەندی مەرگ ساز دەکەن ...

لێرە وێرای گەردەلوول ، پەیامێ نیە
هەواڵ بە تاشەبەرد و ئەشکەوت و لوتکە بگەیەنێ
چۆن بە بەر چاوی هەموو فریشتەکانی سەر زەمین
خواوەندی مەرگ
لەنێو ڕەحمی ئەم شارە وێرانە نەزۆکەدا
تۆوی مردن بۆ مەم و زینەکان دەچێنێ

لەم بیابانە
هەر کێلەو بە دوو گۆڕی ون بووی خۆی وێڵە
هەر چاڵەو شێوەن بۆ تەرمی خۆی دەگێڕێ
لێرە لەم شەوەزەنگە وەحشەتە
کە هەمیشە خۆری لێ گیراوە
لەو خەرەندە بودرە
لەو قەلاّ سەختە لماوییە
بە چاوی کوێر و
دەستی براو و
لاشەی تێکشکاوم
بۆ سەردانی جل و بەرگ و پێلاّو و
یادگاری بەجێماوی پەرەسێلکەکان
بۆ چۆمی هەتکراوی زەری کوێستانم
هاتووم

تا بە بەرچاوی ئەم خێوەتە ڕەشتاڵەوە.
ژەنگی ئاوێنە شکاوەکەم بسڕمەوە
گلێنەی چاوەکانم بدۆزمەوە
شاری مردووانم بگۆزمەوە
لەسەر شەقامەکانی گەورەبووندا
جاویدانی هەنگاوەکانم هەڵگرمەوە
لەم شەوەزەنگە وەحشەتە
کە هەمیشەو هەمیشە بێڕۆشنایی چرایە
هاتووم شەقێك بدەم لەو گۆی زەمینە
کە هێشتا لەسەر پشتی ماسی و
قۆچی گایە.

faraydunsaman@yahoo.com